**تایبەمەندی کاری فیکری**

**حزبی شیوعی کوردستان**

# هەڵوێستی حزبی کرێکاران لە ئایین

**نوسینی/ لینین**

**وەرگێر بۆ کوردی/ د. کاوە محمود**

2015

**تێبینی وەرگێر:**

**ئـەم بابەتـە لـە ئەرشـيفی مارکسيسـتەکان لـە ئەنتـەرنێت بـە زمـانی ئینگليزی بڵاوکراوەتەوە، و بۆ زمـانی عـەرەبی لـە لايـەن سـعيد العليمـی وەرگيردراوە.**

**پێشـتر ئـەم بابەتـە لـە سەرچـاوەی کـارە تـەواوەکانی لیـنين موجەلـدەی 15 لاپەرە 402 تا 413 دار التقدم مۆسکۆ سالی 1973 بڵاوکراوەتەوە**

**بە بۆچونی من گرنگی ئەم بابەتە لە چەند خاڵێکدایە :**

1- **بابەتەکە پشت بە بنەمايەکی فەلسەفی مارکسيست دەبەسـتێت و بە پێی میتۆدی ماترياليستی میژووی هەڵوێست لە هـزری ئـاينی دەردەبڕێت ولە هـەمان کاتـدا بۆچـوونە ليـبرال وئەنارشيسـتەکان سەبارەت بە هزری ئاينی پۆچەڵ دەکاتەوە.**

2- **گرنگی دووەم لەوەدايە کـە ئـەم بابەتـە تـەنها بەلايـەنی فەلسـەفی هزری ئـاينی رانەوسـتاوەو، بـەڵکو لەسـەر ئـەم بنـەما فەلسـەفييە هەڵوێستی سياسی سۆشيال ديموکراتەکانی ئەو کاتەی دەرخستەوە کە هەڵوێستی شيوعييەکانی ئەمرۆيە.**

3- **سێيەمين گرنگی لەوەدايە کە تەنها لە جوغزەی فەلسەفی وسياسی رانەوەستاوە بەڵکو ئاماژە بە هەڵوێستی بواری رێکخستن وئـەرکی رێکخراوە حزبييەکانی لەم بوارەدا دەستنيشان کردووە.**

گرێدانی بنەمای فەلسەفی بە هەڵوێستی سیاسی و بەكاری ڕێكخراوەیی میتۆدی ماركسە لە مامەڵەكردن لەگەڵ دیاردەكاندا بەدیاردەی ئاینییەوە.

دەمێنێتەوە بڵێین ئەم بابەتە شوێنی ئەو بەرهەمانە ناگرێتەوە كە بیرو بزوتنەوەی ماركسیست  بە درێژای ساڵانی رابردوودا بەرهەمی هێناوە، بەو شاكارانەی كە لە روانگەی ماتریالزمی مێژووییەوە شیكردنەوەی بۆ مێژوو كردووە.

ناكرێ شێوازی مامەڵەكردن لەگەل ئەم بابەتەی لینین بە داماڵینی چەند دێر و رستەیەك بێت، بەڵكو بە حاڵی بوونی تێكرای بابەتەكە بە هەموو رەهەندەكانییەوە.

**كاوە**

30 دیسەمبەری 2015

# هەڵویستی حزبی کرێکاران لە ئایین

گوتاری نوێنەر (سیرکوف) لە دۆما لە کاتی گفتوگۆ سەبارەت بە بودجەی سینود (ئەنجومەنی قەشەکان)، پاشان ئەو گفتوگۆیەی کە لەنێو فراکسیۆنی حزبمان لە دۆما بەرپابوو ، لە ئاکامیشدا رەشنوسی ئەو گوتارە، تیایدا بەسەندکرا، کۆمەڵێك بابەتی ئێجگار گرنگ و هەنوکەیی لەم کاتەدا وروژاند.

ئەمرۆ دەردەکەوێت کە بایەخدان بە ئایین نێوان ناوەندێکی فراوانی خەڵك لەکۆمەڵگادا هەبێت، و ئەم بایەخدانەش خۆی خزاندۆتە نێو ریزی رۆشنبیرانی نزیك لە چینی کرێکارو، هەروەها بۆ ناوەندیکی دیاریکراو لە کرێکاراندا. بۆیە ئەرکێکی رەهای سۆشیال دیموکراتییەکانە کە بەیاننامەیەك رابگەیەنن، وهەڵوێستی خۆیان لە ئایین روونبکەنەوە.

سۆشــیال دیمــوکرات تــەواوی جیهــانبینی خــۆی بــۆ جیهــان لەســەر سۆشیالیستی زانستی بنیات دەنێت. بناغەی فەلسەفەی مارکسیزم هەر وەکو چەند جارێك مارکس و ئینگلز رایانگەیاندووە، ماتیریالیزمی دیالکتیکە، کە نەریتی میژوویی ماتریالیستەکانی سەدەی هەژدەهەم لەفەرەنسا پەیرەو دەکات، بە هەمان شێوە کەلەپووری فویرباخ (ناوەندی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم) لە ئەلمانیا کە ئەمەش بە تەواوی ماتیریالیستێکی بێباوەڕەو بە شێوەیەکی پۆزەتیفانە دژ بە هەموو ئایینەکانە.

با تەواوی کتێبەکەی ئینگلز (ئەنتی دوهرنگ)مان بەبیر بێتەوە کە رەشنوسەکەی لە لایەن مارکسەوە خوێنرابۆوە. لە وێدا ماتریالیست و بێباوەڕی دوهرنگ تاوانبارکراوە چونکە ماتیریالستێکی پتەو نەبووەو چەندین کەلێنی جێهێشتووە بۆ ئەوەی ئایین و فەلسفەی ئایین دزە بکات و خۆی تیادا بخزێنێت.

باشە بێتەوە یادمان کە لەوتارێکدا دەربارەی لۆدفیچ فویرباخ، ئینگلز رەخنەی لێدەگرێت ودەڵێت فویرباخ بەرەنگاری دژ بە ئایین ناکات تا کۆتایی پێ بهێنێت، بەڵکو کار بۆ نوێخوازی تێدا دەکات، تەنانەت دەیەوێت ئاینێکی نوێی باڵا دابهێنێت. ئایین ئەفیونی گەلانە، ئەم وتە بەناوبانگەی مارکس بەردی بناغەی هەموو تێروانینێکی مارکسە سەبارەت بە ئاینەکان.1

بەبەردەوامی مارکسیست بێی وایە هەموو ئایین وکەنیسە نوێکان وهەموو ڕێکخراوە ئاینییەکان ئامرازی بۆرژوای کۆنەپەرستە، کە بۆ داکۆکیکردن لە چەوساندنەوەو گەوجاندنی چینی کرێکار بە کار دەهێنرێت.

بەردەوام ئینگلز کاروکردەوەی ئەو کەسانەی تاوانبار کردووە کە ئارەزووی ئەوەیان دەکرد خۆیان زیاتر بە چەپگەرایەتی دەرخەن وخۆیان لە سۆشیال دیموکراتەکان بە شۆرشگێرتر بزانن و، وا بە پێویستیان زانی کە لە بەرنامەی حزبی کرێکاراندا ڕاگەیاندێکی روون بۆ بێباوەڕی بکەن و شەر دژ بە ئایین رابگەیەنن.

ئینگلز لە ساڵی 1874دا کۆمینتی لەسەر بەیاننامە بەناوبانگەکەی پەناهەندەکانی کۆمۆنەی بلانکییەکان کە لە لەندن دەژیان، نووسی، و وەسفی هەرای ئەو راگەیاندنە دژ بە ئایینە کرد، کە ئەنتیکە و ئەوپەری گەمژەییە، ووتی: راگەیاندنی ئەو جەنگە باشترین شێواز بوو بۆ نوێکردنەوەی بایەخدان بە ئایین و ڕێگاگرتن لە پوکانەوە وتەواوبوونی. ئینگلز سەرزەنشتی بلانکییەکانی کرد چونکە لەوە حاڵی نەبوون کە تەنها ململانێی چینایەتی چینی کرێکار لە ڕێگای راکێشانی تەواوی توێژەکانی پرۆلیتاریا بۆ چالاکی کۆمەڵایەتی شۆرشگێرانە و هۆشیارانە دەتوانێت جەماوەری چەوساوە لە گرێ ئایین رزگار بکات، لەکاتێکدا راگەیاندنی جەنگ دژ بە ئایین وەك ئەرکێکی سیاسیانەی حزبی کرێکاران، بە تەواوی بازرگانی کردنە بە رستەی ئەنارشیستی.2

لە ساڵی 1877 و لە کتێبی ئەنتی دۆهرنگ، ئینگلز بە توندی هێرشی کردە سەر ملکەچکردنی دوهـرنیگ فەیلەسوفی ئایدیالیست وئـایین کـە پێشکەشـی کردبـوو. ئینگلیـز بـە شـێوەیەکی یەکلاکەرانـەوە بیرۆکـە شۆرشگێرییە ساختەکەی دوهرینگی سەبارەت بە قەدەغـەکردنی ئـایین لــە کۆمــەڵگای سۆسیالســتی، تاوانبــارکرد. لێــرەدا ئینگلــز دەڵێــت" راگەیانــدنی جــەنگ دژ بــە ئــایین بەرهەمهێنانــەوەی بسـمارکە واتــە دووبارەکردنەوەی گەمژەییەکەی ململانێی بسمارك دژ بە پیاوانی ئاینی (ئەکلیرکییەکان) کە بە خەباتی کەلتوری بەناوبانگ ناوەزەند کرابـوو. ئـەو ململانێیـەی بسـمارك لـە سـاڵی 1870 دژ بـە حزبـی کاسـولیکی ئەڵمانیا کردی (حزبی میانرەو)ـ کە بە هەمان شێوازەکانی پۆلیسییانەی کاســولیکییەکان ئــەنجام درا. ئــەم کردەوەیــەی بســمارك بــووە هــۆی وروژاندن وهانـدانی خولیـای بەربەرچـدانەوەی ئـەکلیرکی کاسـولیکی، و زیـانی بـە کـاری کـەلتوری راسـتەقینەی گەیانـد، چـونکە بـووە هـۆی دەرکەوتنی دابەشبوونی ئایینی لە جیاتی دابەشبوونی سیاسی، وئەمەش سەرنجی ناوەندێکی چینی کرێکار وهەندێ لە کەسایەتی دیموکراسیخواز لە ئاراستە کردن لـە سـەر ئەرکـە هەنووکـەیی و بەپەلـەکانی ململانێـی چـینایەتی وشۆرشـگێرانە بـەرەو تونـدترین شـێوازی دژایـەتی کردنــی پیاوانی ئاینی (ئەکلیرکی) بە شێوەیەکی درووستکراو وساختانە، راکێشا. بەم شێوەیە دوهرینگی مودەعی شۆڕشـگێری توندڕەوانـە بـە شـێوازێکی دیکە دەیەوێت هەمان گەمژەیی بسمارك دووبارە بکاتەوە.

ئینگلز جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە حزبی کرێکاران توانای کارکردنی درێژخایەنی هەبێت لە ئەرکی رێکخستن و فێرکردنی چینی پرۆلیتاریا، کە ئەمەش لە ئاکامدا دەبێتە هۆی پۆکانەوەی ئایین، وگرنگە خۆی فرێنەداتە نێو قومارکردن بە رێگای چەنگێکی سیاسی دژ بە ئاین.3

ئەم تێروانینە بۆتە بەشێکی پۆخت لە ناوەڕۆکی هزری سۆشیال دیموکرات کە بۆ نموونە داکۆکیکردن لە ئازادی جزویت (گروپێکی کرستیانی یسوعی کاسۆلیکە/ وەگێر)، وهاتنیان بۆ ئەڵمانیا، و وازهێنان لە قەلاچۆکردنی ئاینێکی دیارکراو، دەرکەوت. ؛ ئایین مەسەلەیەکی تایبەتییە؛ : ئەم خاڵە گرنگە لە بەرنامەی ئیرفۆرت (1891)، پوختەی هەموو تاکتیکە سیاسییەکانی سۆشیال دیموکراتە.

ئەم تاکتیکانە ئێستا بۆتە مەسەلەیەکی ئاسایی، و لە هەمان کاتدا بۆتە سەرهەڵدانی شێواندێکی نوێ مارکسیزم بە ئاراستەیەکی پێچەوانەوە بەرەو ئاراستەی هەڵپەرستی.

ئەم خاڵە لە بەرنامەی ئیرفۆرت لە کۆتاییدا وا شیکرایەوە کە ئێمەی سۆشیال دیموکراتەکان وحزبەکەمان پێمان وایە کە ئایین مەسەلەیەکی تایبەتە، مەسەلەیەکی تایبەتە وخودییە بۆ ئێمە وەك سۆشیال دیموکراتیك و، وەك حزبێك. بێ چونە نێو گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ ئەم تێروانینە هەڵپەرستانەیە. ئینگلز لە نەوەتەکاندا ئاماژەی بە پێداویستی بەرەنگاربونەوەی ئەم بۆچوونە بە شێوەیەکی

یەکلاکەرانەوەی پۆزەتیفانە کردووە، نەک بە شێوازی دانوستان. بۆ زانین ئینگلز ئەم کارەی بە شێوەی بەیاننامەیەك کرد وتاییدا بە توندی جەختی کردوە کە سۆشیال دیموکراتەکان پێیان وایە ئایین مەسەلەیکی تایبەتمەندە لە پەیوەندیدا بە دەوڵەتەوە، نەك مەسەلەیکی تایبەمەندی خودی بیت بە نیسبەت ئێمەوە، یان لە پەیوەندی بە مارکسیستەوە، یان لە پەیوەندی بە حزبی کرێکارانەوە.4

**<u>ئەمە مێژووی دەرەوەی گوتەکانی مارکس وئینگلزە سەبارەت بە مەسەلەی ئاین.</u>**

بە نیسبەت ئەوانەی هەڵوێستێکی سەرکێشانەیان بەرامبەر بە مارکسیست هەیە، وئەوانەی ناتوانن ومەبەستیان نییە بیرکەنەوە، ئەم مێژووە بە کۆمەڵێك هێڵی ناکۆك دەزانن، وبە کۆمەڵێك ئەم دیو ئەودیوی بێ مانای مارکسیانەیە دائەنێن. تێکەڵەیەك لە بێباوەری "توند" و لەگەڵ کارکردن بۆ "رازیکردنی" ئاین. ئەمەش راوبۆچونێکی نا مەبدەئییانەیە نێوان تەیارکردنی جەنگێکی شۆرشگێرانە دژ بە خودا هاوکات لە گەڵ ئارەزوویەکی ترسنۆکانە بۆ پشی پشیکردن بۆ کرێکارە ئاینپەروەرەکان، لە ترسی ئەوان و بۆ ئەوەی دوور نەکەونەوە...هتد. بەم ئاراستەیە ئەدەبی ئەنارشیستی بازرگانەکانی ووشەکان کۆمەڵێك شالاوی دژ بە مارکسیست لە خۆ دەگرێت.

بەلام هەر کەسێکی بە توانا کە لە گشت حالەتەکاندا جیدی بیت لە ئاستی مامەڵەکردن لە گەڵ مارکسیزم، ولە بیرکردنەوە لە مەبدەئە

فەلسەفییەکانی و شارەزایی لە سۆشیال دیموکراتی نێونەتەوەیی هەبێت، بە پەلە ئەوە رچاو دەکات کە تەکتیکەکانی مارکسیزم سەبارەت بە ئایین توندو وتۆڵە، وبە بایەخەوە لە لایەن مارکس وئینگلزەوە دراسەت کراوە. ئەو مەسەلانەش کە کەسانێك بە نەزانی و بە سەرپێی مامەڵەی لە گەڵ دەکەن،و بە راڕابوونی دەزانن، هەڵهێنجانێکی راستەوخۆو بێگومانی ماتریالزمی مێژوویە.

لە راستیدا دووچاری هەڵەیەکی قوڵ دەبینەوە ئەگەر پێمان وا بێت "میانڕەوەی" مارکسیزم بەرامبەر بە ئایین دەرئەنجامی تیڕوانینێکی "تاکتیکی" گریمانەیە، یان بە مەبەستی ئارەزووی "نە ترساندنی" هەر کەسێکە یان شتی ئا وەها. بەڵکو بە بێچەوانەوە هێڵی سیاسی مارکسیزم بێ دابڕین، راستەوخۆ پەیوەندی بە پرنسیپە فەلسەفییەکانیەوە هەیە. مارکسیزم ماتیریالزمە. بەم سیفەتەشی بێ بەزەییانە دژ بە ئایینە هەر وەکو خاوەنی شاکارە ماتریالیستەکانی سەدەی هەژدەیەم یان ماتیریالزمی فویرباخ. ئەمە بابەتێکە گومانی تیادا نییە. بەڵام ماتیریالستی مارکس وئینگلز زیاتر لە خاوەنی ئەو شاکارانە وفویرباخ دەڕوات، بەوپێیەی فەلسەفەی ماتیریالزم لە بواری مێژووی ولە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان جێبە جێدەکات. دەبێ قەلاچوی ئایین بکەین ئەمە ئەلفابێی هەر ماتریالستێکە، بەم پێیەش هەموو مارکسیستێك. بەڵام مارکسیزم ماتریالستێك نییە لە ئاستی ئەلفابێت رابوەستێت، بەڵکو لەوە زیاتر دەڕوات، ودەڵێت: دەبێ بزانین چۆن قەلاچۆی ئایین

دەکەین، وبۆ ئەوەی ئەمەش بکەین پێویستە سەرچاوەی باوەڕ وئایین لە نێو جەماوەردا بە شێوەیەکی ماتیریالست شیبکەینەوە. ناکرێ تەنها بە پرۆپاگندەی ئایدیۆلۆژیانەی کتومت ئەنجام بدرێت، یان ئەم بابەتە لە پروپاگندەدا بچوك بکرێتەوە. ئەمە پەیوەندی بە پراکتیکی بەرچاوی بزوتنەوی چینی کرێکارەوە هەیە کە مەبەستی نەهێشتنی رەگە کۆمەلایەتییەکانی ئایینە.

## بۆچی ئایین توانیوێتی شوێنی خۆی لە ناوەندی بەشە جۆراجۆرەکانی پرۆلیتاریای شارەکان وناوەندی فراوانی نیمچە پرۆلیتاریا وناوەندی کۆمەڵەی جوتیاران بپارێزێت؟

بۆرژوای پێشکەوتوو وەڵام دەداتەوە ودەڵێت : بە بۆنەی نەزانینی گەلەوەیە، بەڵام رادیکال وماتریالیستی بۆرژوا وئەوانەی وەکو ئەون دەڵێن: بڕۆخی ئایین و وبژی بێباوەڕی، وبلاوکردنەوەی تیروانینە بی باوەڕییەکان ئەرکی ئێمەیە!؟. بەڵام کەسی مارکسیست دەڵێت: ئەمانە راست نین، وتێروانینێکی ساختەیە ئەوەی بۆرژوا بیر تەسەکەکان باسی دەکەن. ئەم بۆچونانە بە قوڵییەکی تەواو ناوەرۆکی ئایین دەرناخات، وبە شێوازێکی ماتیریالست شیناکاتەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی ئایدیالست. بە شێوەیەکی سەرەکی ئایین رەگی کۆمەلایەتی لە ولاتە سەرمایەدارە نوێکان هەیە. قوڵترین رەگی ئایین خۆی لە بارودۆخی ناهەمواری کۆمەلایەتییانەی جەماوەری کرێکار بەرجەستە دەبێت، ونەبوونی

توانای تەواوی بۆ رووبەرووبونەوەی هێـزە نابینایـەکانی سـەرمایەداری کـە هـەموو رۆژ وهـەموو کاتـژمێرێك کرێکـارانی ئاسـایی دووچـاری دژواترین گرفت وئازاری وەحشیگەریانە دەکاتەوە کە ئەمە بـە هـەزاران جار دژواترە لەوەی بە هۆی روداوی  لە ناکاوی وەك شەڕ و بومە لەرزە .. هتد، پێوەی ئاڵودە دەبن.

**ترس خوداکانی درووستکردوە. ترس لە هێزە نابیناکانی سەرمایەداری .**

نـا بینایـە چـونکە چـاوەڕواننەکراوە لـە لایـەن جـەماوەری گەلـەوە - هێزێکە لە هەر هەنگاوێکدا هەڕەشە لە ژیانی پرۆلیتاریا وخاوەن مولکی بچوك دەکات. بـە کـردەوەش ژیـانی تێکـدەدات، تێکیدەشـکێنێ، وبرسـی دەکــات، و دوچــاری لەشفرۆشــی دەکــات، و لــە ناکــاو وبــێ ئــەوەی چاوەروانکراو بێت لە برسا دەیکوژێت. ئەمانـە رەگـی ئـاینی نـوێن کـە دەبـێ کەسـانی ماتیریالسـت گـەر بـە شـێوەیەکی سـاوایانە ماتیریالیسـت نەبن، درك بەم راستییە بکەن. هیچ کتێبێکی قوتابخانە توانـای ئـەوەی نییە کە ئـایین لـە عـەقلی ئـەو جـەماوەری کـە سـەرمایەداری بـە کـاری پڕۆکێنەر هاریوێتی و دوچاری هێزی کوێرانەی تێکدەری ئـەو بۆتـەوە، دەربهێنێت، تا وەکو ئەو جەماوەرە خۆی فێـر نـەبێت کـە شـەڕ لەگـەڵ رەگـی ئــایین بکـات و جـەنگ دژ بــە حـوکمی سـەرمایە بــە هـەموو

شـێوەکانیەوە بکـات، ئەمـەش بـە رێگایـەکی هۆشمەندانـە ویـەکگرتوو ورێکخراو ونەخشە بۆ کێشراو.

## <u>ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە کتێبەکانی فێرخوازی دژ بە ئایین زیان بەخش و پێویست نین؟</u>

نا، بە هیێچ شێوەیەك وا نییـە. ئەمـەش مانـای وایـە کـە پروپاگنـدە بـۆ بێباوەربوون کە سۆشیال دیموکرات دەیکات پێویستە لـە بەرەژەوەنـدی ئەرکە سەرەکییەکەیدا بیت. ئەرکی پەرەپێدانی هۆشمەنـدی چینایەتی جەماوەری چەوساوەکان دژ بە چەوسێنەرەکانی.

لەوانەیـە حـاڵی نـەبوون سـەبارەت بـەم مەسـەلەیە هـەبێت (یـان بـە راستەوخۆ حاڵی نەبوون هـەبێت)، لـە لایـەن ئەوانـەی نەچونەتە نێـو قوڵای پرنیسپەکانی ماتیریـالزمی دیـالکتیکی، واتـە فەلسەفەی مـارکس وئینکلـز. لەوانەیـە بـوترێ ئەمـە چـۆن دەکرێـت؟ ئایـا پروپاگنـدەی ئایدیۆلۆژی، وبانگەشە بـۆ بیرێکـی دیاریکراو، ململانـێ دژ بـە دوژمنـی رۆشـنبیری وپێشکەوتن کـە هـەزاران ساڵە خـۆی نوانـدوە (واتـە ئـاین)، پێویستە لە خزمەت ولـە ژێـر رکێفـی ململانێـی چینایەتی بێـت، واتـە ململانێ لە پێنـاوی ئـەنجامێکی کردەیـی دیاریکراو لـە بـواری ئـابووری وسیاسیدا؟

ئەمە یەکێکە لەو نارەزاییانەی کە دەوترێ سـەبارەت بـە مارکسیزم کـە رەنگدانــەوەی تێنەگەیشــتنی تــەواوی دیــالکتیکی مارکســیزمە. ئــەو

ناکۆکییەی کە ئەوانەی نارەزان و دەریدەبڕن، ناکۆکییەکی راستەقینەی ژیانی کردەییەو، ناکۆکییەکی زارەکی ودرووستکراو نییە. کاتێك بتوانی هێلێکی یەکلاکەرەوەی بەهێز کە پێشێل نەکرێت نێوان پرۆپاگندەی تیۆری بۆ بێباوەری واتە تێکشکاندنی باوەری ئاینی لە ناوەندی بەشێکی دیاریکراوی پرۆلیتاریا، ولە هەمان کاتدا ئەنجامدانی سەرکەوتن وپێشکەوتن لە ململانێی چینایەتی لەم ناوەندەدا، مانای ئەوەیە بەشێوازێکی دیالکتیکی هۆکارەکان دەدۆزیتەوە و ئاستێکی گۆڕاو رێژەیی بۆ ئاستێکی رەها دەگۆڕێت. ئەمەش بە خورتی جیاکردنەوەی دوو بابەتی گرێدراوە کە ناکرێت لە ژیانی واقیعیدا جیابکرێنەوە.

با نمونەیەك وەرگرین. ئەگەر پرۆلیتاریا لە وڵاتێکی دیاریکراوەدا و لەپیشەسازییەکی دیاریکراودا، دابەشبووبن، وگریمان بەشێکی پێشکەوتوویان تا رادەیەکی ماقول، هۆشمەندی چینایەتیان هەبێت و بێباوەربن، لە لایەکی دیکەوە کرێکاری دواکەوتوو هەبێت کە بەردەوام پەیوەندیان بە گوندو بە جوتیارانەوە هەبێت، وباوەڕیان بە خودا هەبێت، وهاموشۆی کەنیسە بەکەن، ولەوانەشە لە ژێر کارلێکردنی راستەوخۆی ئاخوندی ناوخۆ بن، و ئەو کرێکارانە یەکێتییەکی کرێکارانەی کریستیانیان دامەزراند. گریمان ململانێی ئابووری لەو ناوچەیەدا وای کرد مانگرتن بەرپابێت. لەم حاڵەتەدا ئەرکی کەسانی مارکسیستە کە سەرکەوتنی بزوتنەوەی مانگرتن بە پلەی یەکەمی کارەکانی بێت و لەسەرو هەر شتێکی دیکەوە بە هەند وەریگرێت، و بە

توندی دژایەتی دابەشكردنی كرێكاران بكات بۆ كەسانی بێباوەڕی ئاینی وكەسانی كریستیان، یان هەر شێوازێكی دیكەی لەم جۆرە. لەوانەشە لەم جۆرە حاڵەتانەدا پروپاگندە كردن بۆ بێباوەڕی ئاینی پێویست نەبێت و لەهەمان كاتدا زیان بەخش بێت. ئەمەش نەك لە ترسی ئەوەی كورسییەك لە هەڵبژاردن دەدۆڕێت یان شتێكی لەو جۆرە. بەڵكو ئەم هەڵوێستە ململانێی چینایەتی بەرەو پێشەوە دەبات وئەو مەرجانە دێنێتە پێشەوە كە لە كۆمەڵگای سەرمایەداری نوێدا كرێكارە كریستیانەكان بەرەو سۆشیال دیموكرات و هزری بێباوەڕی ئاینی ئاراستە بكرێن بە هەزاران جار زیاتر لەوەی كە بە پرۆپاگندەی ئاشكرا بۆ بێباوەڕی ئاینی، بەرەو ئەوە بچن.

بانگەشەكردن بۆ بێباوەڕی ئاینی لەو حاڵەتە و لەو هەلومەرجەدا دەبێتە سازدانی گەمەیەكی چاك بۆ ئاخوندەكان كە ئارەزویان لەوە تێپەر ناكات كە كرێكاران نەك بە پێی بەشدارییان لە چالاكی مانگرتن، پۆلێن بكرێن ، بەڵكو لە سەر بنەمای باوەڕیان بە یەزدان. ئەو ئەنارشیستەی كە بانگەشە بۆ جەنگ دژ بە خودا دەكات بە هەر نرخێك بێت، بە كردەوە یارمەتی ئاخوند وبۆرژواكان دەكات (بەردەوام ئەنارشیستەكان بەكردەوە یارمەتی بۆرژوا دەكەن). دەبێ كەسی ماركسیست ماتریالیست بێت، واتە دژ بە ئایین بێت، وماتریالستێكی دیالكتیكی بێت، واتە نەك چارەسەری ململانێ دژ بە ئایین بە شێوەیەكی راماڵاو و لەسەر بنەمای بانگەشەیەكی گۆشەگیرانە ولایەنی

تیئۆریی پوخت و نەگۆڕاو، بەڵکو بە شێوەیەکی بەرچاو لەسەر بنەمای ململانێی چینایەتی کە لە پراکتیکدا لە هەموو شتێك زیاتر جەماوەر فێردەکات. دەبێ کەسانی مارکسیست توانای ئەوەی هەبێت کە بروانێتە تەواوی بارودۆخەکە. دەبێ توانای ئەوەی هەبێت کە جیاوازی بکات نێوان ئاستی ئەنارشیستی و هەڵپەرستی (کە ئەم ئاستەش رێژەیی ولە گۆراندایە، بەڵام هەیە) نابێ خۆی ملکەچی بەناوشۆرشگێری ومیتۆدی رامالاو وزارەکی و پوچ ودابڕاو لەو واقیع بکات کە ئەنارشیستەکان رایدەگەیەنن، یان لە نزمی وهەڵپەرستی بۆرژوای بچوك ورۆشنبیرە لیبرالیستەکان کە راڕان لە تێکۆشاندا دژ بە ئاین، و لە بیری دەچێت کە ئەمە ئەرکێتی، ولەگەڵ باوڕهێنان بە یەزدان خۆی دەگونجێنێت وململانێی چینایەتی رێنمایی ناکات، وخۆی کەم وسوك دەکاتەوە بەوەی کەس لێی دلگران نەبێت و دڵی کەسی لێنەرەنجێت، و کەس نەترسێنێت لەسەر بنەمای ئەو پەیڕەوە "حەکیمانەی کە دەڵێت بژی و ماوە بدە کەسانی دیکەش بژین بۆ خۆیان..هتد.

لەم دیدەوە دەبێ هەڵسوکەوت لەگەل تێکرای ئەو بابەتە لاوکیانە بکەین کە پەیوەندییان بە هەڵوێستی سۆشیال دیموکراتەکان سەبارەت بە ئاینەوە، هەیە. بۆ نمونە زور جار پرسیاری ئەوە دەکرێت ئایا دەکرێ ئاخوندێك ببێتە ئەندام لە حزبی سۆشیال دیموکرات، یان نا. بە گشتی بە شێوەیەکی پۆزەتیفانەی رەها وەڵامی ئەم پرسیارە دەدرێتەوە. ئەزمونی حزبە سۆشیال دیموکراتەکان بە بەڵگەدەهێنرێتەوە. بەڵام

ئەم ئەزمونە بەرهەمێك بوو نەك تەنها بۆ جێبەجێکردنی میتودی مارکس لەسەر بزوتنەوەی کرێکاری، بەڵکو بۆ هەڵومەرجی مێژووی تایبەتی ئەوروپای رۆژئاوا کە لە روسیادا جیاوازە( دواتر زیاتر باسی ئەو هەلومەرجە دەکەم)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شێوازی وەڵامدانەوی ئەرێنی بی مەرج لەم حاڵەتەدا راست نییە. ناکرێ جارێکی دیکە وهەتا هەتایە دوپاتی ئەوە بکەینە کە ئاخوندەکان ناکرێ ببنە ئەندام لە حزبی سۆشیال دیموکرات. لە هەمان کاتدا ناکرێ بپێچەوانی ئەمەش وەك بنەمایەك، لەنگەر بخەین. ئەگەر ئاخوندێك هاتە لامان بۆ بەشداریکردن لە کاری سیاسییانەی گشتیمان وئامادەیی خۆی دەربڕی کە بە ویژدانێکی زیندووە کارە حزبییەکانی جیبەجێبکات کە لەگەڵ بەرنامەی حزب ناکۆك نەبێت، دەکرێ ماوەی بدرێتی بێتە ریزی سۆشیال دیموکراتەکانەوە، چونکە ناکۆکی نێوان ناوەرۆك وپرنسیپەکانی بەرنامەی ئێمە وبیروباوەری ئاینی ئەو ئاخوندە لەم هەلومەرجەدا کارێکە تەنها پەیوەندی بە خودی خۆیەوە هەیە، وناکۆکییەکی تایبەت بەوە وناکرێ رێکخراوێکی حزبی ئەندامانی تاقیبکاتەوە تا ببینێت ئایا ئەو ئەندامە ناکۆکی هەیە نێوان تێروانینی خۆی وبەرنامەی حزبەکەی. بەڵام لەوانەشە ئەو حاڵەتە دەگمەن بێت تەنانەت لە ئەوروپای رۆژئاوادا. لە کاتێکدا لە روسیا ئەم حاڵەتە نییە. ئەگەر ئاخوندێك بۆ نمونە هاتە ریزی حزبی سۆشیال دیموکرات و تەنها کاری

سەرەکی ئەو بانگەشەکردن بێت بۆ بیروباوەری ئاینی لە نێو حزبدا، ئەوا بێ چەند وچون دەبێ لە ریزی حزب دەربکرێت.
ناکرێ ئەو کرێکارانەی کە باوەریان بە یزدان هەیە نەهێنینە نێو حزبی کرێکاری سۆشیالستەوە، بەڵکو دەبێ بە ئانقست کار بۆ هێنانیان بکەین، وبە شێوەیەکی رەها نابێ بچوکترین سوکایەتی بە بیروباوەری ئاینیان بکەین، بەلاّم دەیان هێنینە نێو ریزی حزبەوە، تا بە ناوەرۆکی بەرنامەی خۆمان پەروەردەیان بکەین، نەك بوار بدەین ململانییەکی چالاك دژ بە حزب بکرێت. ئێمە بوار بە ئازادی بیروباوەر لە نێو حزبدا دەدەین ، بەلاّم تا سنورێك کە ئازادی گردبونەوەمان لە نێو حزبدا بواری بدات. ئێمە ناچار نین بەدەم ئەو تیروانینانەوە بێن کە کەسانێك چالاکانە بانگەشەی بۆ دەکات بەلاّم لە لایەن زۆربەی حزبەوە، رەتکراوەتەوە.
با ئێستا بگەینە ئەو هەلومەرجەی کە لە رۆژئاوا شیکردنەوەی هەڵپەرستانەی بۆچونی ؛ئایین مەسەلەیەکی تایبەتە؛ی درووستکرد. بێگومان کارتێکردنی ئەم مەسەلەیە بۆ هەموو ئەو بابەتانە دەگەرێتەوە کە بە گشتی هەلپەرستی دروستکرد، وەکو قوربانیدان بە بەرژەوەندییە پوختەکانی چینی کرێکار لە پێناوی دەسکەوتێکی کاتیدا. حزبی پرۆلیتاریا داوا دەکات دەوڵەت رایبگەیەنێت کە ئایین مەسەلەیکی تایبەتە، بەلاّم پێی وا نییە کە خەبات دژ بە ئەفیونی گەلان، و خەبات دژ بە خرافاتی ئاینی... هتد ؛مەسەلەیەکی تایبەتە؛. هەڵپەرستەکان

ئەم مەسەلەیە دەشەوێنن بۆ ئەوەی وا بگەیەنێت کە حزبی کرێکارانی سۆسیالست ئایین بە مەسەلەیکی تایبەت دادەنێت!

بەڵام لەگەڵ ئەم شێواندنە هەڵپەرستانەیەی کە پێی راهاتوین ( بە هیچ شێوەیەکی ئەم بابەتە روننەکرایەوە لە کاتی کفتوگۆی فراکسیۆنی حزبمان لە دۆما کە ئەم گوتارەیان سەبارەت بە ئایین دارشت) ، ئەگەر بوار هەبێت بیدرکێنین ئەوا هەلومەرجێکی مێژووی تایبەت هەیە وای کردوە زێدە رۆیی لە بایەخندان لە لایەن سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپاوە بەم مەسەلەیە، هەبێت.

ئەم هەلومەرجە مۆرکێکی دوو فاقی هەیە. یەکەم ئەرکی قەڵاچۆکردنی ئایین بە شێوەیکی مێژوویی ئەرکی بۆرژوای شۆرشگێر بووە، ولە رۆژئاوادا ئەم ئەرکە تا رادەیەکی دوور ئەنجام درا ، یان لەلایەن بۆرژوای دیموکراتەوە لە سەردەمی شۆرشەکانی دژ بە دەرەبەگایەتی وهەلومەرجەکانی سەدەی ناوەڕاست، چارەسەرکرا. لە هەر یەك لە فەرەنسا وئەڵمانیا کەلتورێکی جەنگی بۆرژوا دژ بە ئایین هەیە. ئەمەش لە مێژەوە وپێش سوشیالزم (موسوعییەکان لە فەرنسا، وفویرباخ)، دەستی پێکردوە. بەڵام لە روسیا بە هۆی هەلومەرجی شورشی بۆرژوا دیموکراتی لای خۆمان، ئەم ئەرکە بە گشتی کەوتۆتە ئەستۆی چینی کرێکارەوە.

دیموکرات بۆرژوای بچوك (نارودنیك) لە وڵاتی خۆمان کارێکی زۆری لەم بوارەدا نەکردوە، بەبەراورد کردن لەگەڵ ئەوەی لە ئەوروپادا جێبەجێ کراوە.

لە لایەکی دیکەوە ئەزمونی شەڕی بۆرژوا دژ بە ئایین لە ئەوروپادا بوو بە هۆی سەرهەڵدانی شێواندنێکی چلۆنایەتی بۆرژوازیانە ئەم شەڕە لەلایەن ئەنارشیستەکانەوە. ئەمەش لەلایەن مارکسیستەکانەوە بە دوور ودرێژی و چەندین جار دووبارە کراوەتەوە کە هەرچەندە بە توڕەییەوە شاڵاو دژ بە ئایین دەکەن، بەڵام هەڵوێستەکەیان جیهانبینییەکی بۆرژوایانەیە سەبارەت بە جیهان.

ئەنارشیست وبلانکییەکان لە ئەمەریکای لاتینی( کە بە رێکەوت قوتابی دوهەرنگن)، هاوکات ئەوانەی ئەلمانیا وئەنارشیستەکانی ئوتریش لە هەشتاکاندا هەموویان بازرگانیان بە رستەی شۆرشگێری لە ململانییان دژ بە ئاین، دەکرد. هاوکات سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپا بەرەو لایەنەکەی دیکەی توندرەوەی دەڕۆیشتن. پێویستە لەم هەڵوێستەیان تێبگەین وتا رادەیەك بۆ ئەوان رەوایە، بەڵام دوچاری هەڵە دەبینەوە ئێمەی سۆشیال دیموکراتەکان ئەگەر هەلومورجی مێژوویی تایبەت بە ئەوان لە یاد بکەین.

دووەم لە رۆژئاوا دوای تەواوبوونی شۆرشە بۆرژوا نەتەوەییەکان، ودوای دامەزراندنی ئازادی ئاینی تەواو بە هەر رادەك بێت، بە شێوەیکی مێژوویی مەسەلەی ململانێی دیموکراسیانە دژ بە ئایین تا مەودایەکی

دوور بە هۆی ململانێی بۆرژوای دیموکرات دژ بە سوشیالستی، پاشکەوت، چونکە حکومەتە بۆرژواکان بە ئانقەست هەوڵیان دا سەرنجی جەماوەر لە سۆشیالستی دوورکەنەوە لە رێگای رێکخستنی شالاوێکی نیمچە لیبرالْ دژ بە پیاوانی ئاینی. ئەمەش خەسڵەتی خەباتی کەلتوری بوو لەئەلمانیا، وشێوازی ململانێی بۆرژوا کۆمارییەکان بوو دژ بە حوکمی پیاوانی ئاینی لە فەرەنسا.

دژایەتیکردنی بۆرژوای ئاینی وەك ئامرازێك بۆ سەرنج راکێشانی جەماوەری چینی کرێکار بۆ دوور کەوتنەوەیان لە سۆشیالزم، کەوتە پێش بلاوبونەوەی گیانی بێباکی نوێ سەبارەت بە تێکۆشان دژ بە ئایین لە ناوەندەکانی سۆشیال دیموکراتەکان لە رۆژئاوادا. دووبارە ئەم حاڵەتە بە تەواوی رەوایە ولێی حالّی دەبین، چونکە دەبوایە سۆشیال دیموکراتەکانی رۆژئاوا روبەروی دژایەتی هەژمونی پیاوانی ئاینی و بیری بسمارك بونایە لە رێگای خستنی ململانێ دژ بە ئایین لە ژێر رکێفی ململانێ لە پێناوی سۆشیالزم.

هەلومەرجی روسیا بە تەواوی جیاوازە. پرۆلیتاریا سەرکردایەتی شۆرشی دیموکراتی بۆرژوا دەکات. بۆیە دەبێ حزبی پرۆلیتاریا سەرکردایەتی ئایدیۆلۆژیانەی ئەم ململانێیە بێت دژ بە هەموو خەسڵەتەکانی سەدەی ناوەڕاست، بەو حاڵەتشەوە کە باس لە ئاینی کۆن وفەرمی دەکات، یان هەر هەوڵێك بە مەبەسەتی نوێکردنەوەی ئایین یان بۆ ئەوەی جلوبەرگێکی دەرەکی نوێ و جیاوازی لەبەرکات. لە

کاتێکدا بە بەراورد کردن لەگەل ئەمەدا ئینگلز میانرەوی نواند لە راستکردنەوەی هەڵپەرستی سۆشیال دیموکراتەکانی ئەلمان کە داواکاری حزبی کرێکارانیان گۆری لەوەی کە دەوڵەت ئەوە رابگەیەنێت کە ئایین مەسەلەیەکی تایبەتە بە راگەیاندی ئەوەی کە ئایین شتێکی تایبەتە بە نیسبەت خودی سۆشیال دیموکراتەکانەوە. ئەگەر ئەم هەڵوێستە و ئەم شێواندنە ئەلمانییە لە لایەن هەڵپەرستانەی روسیاوە بۆ حزبی سۆشیال دیموکراتی لای خۆمان هاوردە بکرایە، بێگومان سەد جار توندتر لە لایەن ئینگلزەوە سەرزەنشت دەکرا.

کاتێك لە مینبەری دۆما فراکسیۆنەکەمان رایگەیاند کە ئایین ئەفیونی گەلانە، کارێکی راستی کرد و بو بە دەسپێشخەرییەك کە دەبێتە بناغەیەکی باش کە خزمەتی راگەیاندنە داهاتوەکانی سۆشیال دیموکراتەکان سەبارەت بە مەسەلەی ئاین، دەکات.

ئایا دەبوایە زیاتر برۆن وپەرە بە دیالۆگیکی زیاتر ودرێژخایەن لە بواری بێباوەری بدەن؟ ئێمە پێمان وایە نییە. لەوانیە ئەوە ببوایە زێدە رۆیی لە تێکۆشان دژ بە ئاین. لەوانەیە ببوایە هۆی هێڵی جیاواز نێوان تێکۆشانی بۆرژوا وتێکۆشانی سوشیالیستی دژ بە ئایین تێگەڵ بێت وتەنانەت ئەو هێڵە نەمێنێت.

ئەرکی یەکەمی فراکسیۆنی سۆشیال دیموکرات لە نێو ئەم دۆمایە، بە سەربەرزی ئەنجام درا.

ئـەرکی دوومـەمان کـە بـە نیسبەت سۆشـیال دیموکراتەکانـەوە ئێجگـار گرنکە ئەوەیە کە رۆڵی چینایەتی کەنیسە وئاخونـدەکان لـە پشتگیری کردنی ئەم حکومەتە ولە پشتگیریکردنی بۆرژوا لەو شەرەیدا کە دژ بە چینی کرێکار بەرپای کردوە، روونکەینەوە. ئەمەش بـە سـەربەرزییەوە ئەنجام درا. زور شـت هەیـە دەکـریێ سـەبارەت بـەم بابەتـە بوترێـت. لـە ئایندەشـدا سۆشـیال دیموکراتـەکان دەزانـن چـۆن لـە راگەیاندنـەکانی داهاتوەدا گوتـاری هـاوریێ سیرکۆف فـراوانتر کەنـەوە، بـەڵام لـە هـەموو حاڵەتەکاندا گوتارەکە ئێجگار باش بوو، وبلاوکردنەوەشی لە رێکخـراوە حزبییەکاندا ئەرکی راستەوخۆی حزبمانە.

ئـەرکی سـێیەمان ئەوەیـە کـە دەبوایـە بـو دوور ودرێـژی رونکردنـەوە سـەبارەت بـە مانـای راسـتەقینەی بۆچـونەکەمان بکرایـە کـە زۆر جـار لەلایەن هەڵپەرستە ئەلمانەکانەوە، دوچاری شێواندن دەکرێن کە کاتێـك دەوترێت ئایین مەسەلەیەکی تایبەتە. بەداخەوە هاوریێ سیرکۆف ئەمەی نەکرد و، لە چالاکییەکانی پێشتری فراکسیۆنی دۆمـا هـاوریێ بیلۆسـۆف دوچـاری هەڵەیـەك سـەبارەت بـەم مەسـەلەیە بـۆوە، ولـەو کاتەشـدا رۆژنامەی پرۆلیتاری ئاماژەی پێکرد. گفتوگۆکانی نێو فراکسیۆن ئـەوە دەردەخـات کـە گفتوگـۆ سـەبارەت بـە بێبـاوەریێ ئـەو داواکارییـە بەناوبانگەی لێدورخرابۆوە کە دەبوایە ئامـاژەی بە راگەیانـدنی ئـاینی بکردایە وەك مەسەلەیەکی تایبـەت. تـەنها گلـەیی لـە هـاوری سیرکۆف ناکـەین لەسـەر ئـەم هەڵەیـە کـە تـەواوی فراکسیۆنی دۆمـا کردویـەتی.

لەوەش زیاتر بە ئاشكرا دان بەوەدا دەنێین كە لەمەدا سەرجەم حزب هەڵەیە، چونكە بە باشی ئەم مەسەلەیەی شینەكردۆتەوە ورادەی تێگەیشتنی سۆشیال دیموكراتەكان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی تێگەیشتنی تێبینییەكانی ئینگلز دەربارەی هەڵپەرستە ئەڵمانەكان. گفتوگۆكانی نێو فراكسیۆنی دۆما ئەوەمان بۆ دەردەخات كە نەحاڵیبوون و تێگەیشتنی شێواو سەبارەت بەم مەسەلەیە هەیە، نەك ئارەزویەك بۆ وەلانانی پرنسیپەكانی ماركس. ئێمە باوەرمان زۆرە كە ئەم هەڵەیە لە راگەیاندنەكانی داهاتوی فراكسیۆندا، راست دەكرێتەوە..

ئێمە دووبارەی ئەوە دەكەینەوە كە بە گشتی گوتاری هاورێ سیركۆف زور چاك بوو، و دەبێ لە تێكرای رێكخراوە حزبییەكاندا دابەشی بكەین. فراكسیۆنەكەمان لە دۆما لە گفتوگۆكردنەكانیدا ئەوە دەردەخات كە بە ویژدانێكی زیندو ئەركی سۆشیالیستانەی خۆی ئەنجام دەدات. ئەشمێنێتەوە كە ئارەزوی خۆمان رابگەیەنین كە راپۆرتەكانی ئەم گفترگۆیانەی نێو فراكسیۆنی دۆما بە شێوەیكی رێكتر لە رۆژنامەگەری حزبیدا دەركەوێت تا پەیوەندی نێوان ئەم فراكسیۆنە وحزب بە هێز ونزیك تر بێت، وحزبیش بزانێت كە ئەو فراكسیۆنە ئەركێكی قورس دەكات ،و ئەمەش دەبێتە بنیاتنانی وبەهێزبوونی یەكێتی ئایدیۆلۆجی لە كاری حزب ولە فراكسیۆنی دۆمادا.

# پەراوێز

1. کارل مارکس بەشداری لە رەخنەگرتن لە فەلسەفەی حق لای هیگل. پێشەکی مارکس و ئینگلز سەبارەت بە ئاین. مۆسکۆ ل 42 ساڵی چاپ 1957

2. ئینکلز ئەدەبی پەناهەندەکان ـ بەرنامەی بلانکییەکان.

3. ئیتگلز ئەنتی دۆهرنگ ل 434 ل 7 ساڵی چاپ 1959.

4. مارکس وئینگلز شاکارەکان کتێبی یەکەم ل 479 ساڵی چاپ 1958